دوێنێ فه رهاد پیربال ، ئه مرۆ د.که مال سه ید قادر، ئه ی به یانی نۆره ی کێ یه؟!

ئه رده ڵان عه بدوڵڵا

ماوه یه که پارتی تووشی هیستریایه کی خراپ بووه ، هه ر که س تۆزقاڵێک قسه به ماڵی مه لا مسته فا بڵێت راست ده یگرن . پارتی وه ک هه موو هێزێکی کۆنه په رست و نا ئینسانی ، چاوی به و نووسه ر و رۆشنبیرانه هه ڵنایه ت که هه ڵگری بیری ئازادو پێشکه وتن خوازن .ئاخر ئه وان باش ده زانن که ئه و نووسه رانه خه ڵکی له و تاریکستانه ی که پارتی بۆیانی خولقاندووه ، ڕزگاریان ده که ن و به جیهانی ئازادو پێشکه وتنخواز ئاشنایان ده که ن . له هه مان کاتیشدا دزی وگه نده ڵی و نائینسانی ماڵی مه لا مسته فا ، بۆ خه ڵکی ئاشکرا ده که ن .
ماوه یه که له هه ولێری پایته خته وه! ، هه واڵی ده ستگیران و بزرکردنی نووسه رو رۆشنبیرانمان پێ ده گات . پێش ماوه یه ک ڕیبوار سیوه یلی به ناوی ( سووکایه تی کردن به خه ڵکی هه ولێره وه ) ئیهانه و سووکایه تی پێکرا . ئه م به زمه ته واو نه بوو ، به زمی فه رهاد پیربال ده ستی پێکرد . دوێنێش دکتۆرکه مال سه یدقادریش که وته به ر هێرشی نامرۆڤانه ی ماڵی مه لا مسته فاوه .
ماڵی مه لا مسته فا ، که هه ر له منداڵێکی ساوه تا پیاوی گه وره ی هه ولێر لێیان بێزاره، نازانن چۆن خۆیان له م هه ژدیهایانه ڕزگاربکه ن . به رێز دکتۆر که مال هیچ تاوانێکی نییه ، جگه له وه ی که وه کو هه مووما ن ده یه وێت دزی و چه ته گه ری ماڵی مه لا مسته فا بروخێنێت و جیهانێکی بێ جه لالی و مه لایی دروست بکات .
من پێم وایه پێویسته هه مووما ن به یه ک ده نگ ، دژی ئه م هه ڵمه ته نه گریسانه ی مه لایی و جه لالی بووه ستینه وه که له دژی خه ڵکی نووسه رو رۆشنبیری ئازادو پێشکه وتنخواز ده یکه ن. هه ر بۆیه ده ڵێم باهه مووما ن ده نگمان بکه ین به یه ک و دژی ئه م دوو ماڤیایه راوه ستین . با هه موو گروپ وریکخراوه کانی جیهان هه یه ، ئاگاداریان بکه ینه وه و پشتگیری بۆ به رێز دکتۆر که مال و هه موو نووسه ره کانی تریش کۆبکه ینه وه . با هه تا بۆمان ده کرێت جه لالی و مه لایی ریسوا بکه ین ، با لای هه موو رێکخراوه کان شه رمه زارو سه رشۆریان بکه ین .

جارێکی تریش پشتگیری خۆم بۆ دکتۆر که مال سه ید قادر دووپات ده که مه وه و هیوای خۆراگریشی بۆ ده خوازم .